ژمارە: ٤ / ٣ / ١٢٤٢
ڕێکەوت: ١٨ / ٥ / ٢٠٢١

**بۆ/ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عیراق**

**بابەت/ ناردنی بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

هاوپێچ دەقی بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەین کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان - عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠٢١/٤/٢١ تەشریع کراوە، بفەرموون بەپێی خاڵی (٢) بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ کاری پێویستی بۆ بکرێ و سەرۆکایەتی پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**د. ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وێنەیەك بۆ/**
نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان/ بەشی کاروباری پەرلەمان.

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢١/٤/٢١**

## بڕیاری

## ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٤/٢١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** ڕۆژی (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دادەنرێت.

**دووەم:** لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، وەك بۆنەیەکی نیشتیمانی یادی ئەم ڕۆژە بەرز ڕادەگرن و حکومەتی هەرێم هاوکار دەبێت بۆ یادکردنەوەی.

**سێیەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچواندن

بۆ بە فەرمی ناساندنی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەلایەن (میقداد میدحەت بەدرخان)ەوە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچووە، بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆڵە مێژوویی و بەرچاوەی کە ڕۆژنامەگەری کوردیی لە پاراستنی زمان و کولتور و پیشەی ڕۆژنامەگەریی و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و بەرەو پێشتبردنی کۆمەڵگادا بینوویەتی، ئەم بڕیارە دەرچوێنرا.

**د. ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ٤**
**تاريخ القرار: ٢٠٢١/٤/٢١**

## قرار

## يوم الصحافة الكوردية

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، والفقرة (أولاً) من المادة (٧٧) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، أصدر برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية رقم (٩) بتأريخ ٢٠٢١/٤/٢١ القرار الآتي:

**أولاً**: اعتبار يوم (٢٢) نيسان من كل عام يوماً للصحافة الكوردية.

**ثانياً**: تخلد الجهات ذات العلاقة ووسائل الإعلام والصحافة ذكرى هذا اليوم باعتباره مناسبة وطنية وتتعاون حكومة الإقليم على إحيائه.

**ثالثاً**: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القرار.

**رابعاً**: يعمل بهذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

بغية التعريف الرسمي بيوم الصحافة الكوردية، الذي صدر فيه أول عدد لصحيفة (كوردستان) من قبل (مقداد مدحت بدرخان) في ٢٢ نيسان ١٨٩٨ في القاهرة، وتقديراً لهذا الدور التأريخي والبارز الذي لعبته الصحافة الكوردية في حماية اللغة والثقافة ومهنة الصحافة ونشر الوعي القومي والوطني وتنمية المجتمع، شرع هذا القرار.

**د. ريواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**